

# به بۆنەی رۆژی جیهانیی لێبووردن.. رەزا شوان

ند بەهایەکی بنەمایی هەن، کە مرۆڤ و کۆمەڵگا ناتوانن بەبێ ئەو بەهایانە بژین، سووریشن لەسەر ئەوەی کە ئەو بەهایانە بۆ منداڵەکانیان بکوێزنەوە.. گرنگترینی ئەو بەهایانەش لێبووردنە کە لە لووتکەی ریزبەندی پەیژەی بەها جوانەکانەوەیە.. پێویستە هەموو مرۆڤێک ئەم بەهایەبەخۆبگرێت.. کە لێبووردن زۆر واتای جوانی لەخۆی گرتووە و، شادی بە مرۆڤ دەبەخشێت. کە مرۆڤ لە ئەوپەری بەهێزی و توانا و شکۆ **وسنگ** فراوانیدا لێدەبوورێت.. ەمە هێندەی تر رەیی و شکۆداری و شادی و ویژدان ئاسوودەیی پێدەبەخشێت و، زیاتریش لە ناو کۆمەڵدا رێزدار و رەوشمەند و ناسراو دەبێت.. لێبووردنیش باشترین تۆڵەکردنەوەیە. ماهاتما گاندی دەڵێ:" لاواز ناتوانێت لێببوورێت، لێبووردن لە خەسڵەتەکانی بەهێزەکانە" ەواهیر لال نەهرۆش دەڵێ:" تەنیا کەسە مە کانن، کە دەزانن چۆن لێببوورن" ئێمەی کوردیش لەم رووەوە پەندمان زۆرە، بۆ نموونە:" دۆژمنی خۆی بەشکر**او** دەخنکێنێ" پەندێکی ترمان دەڵێ:" دۆژمن بکە بە دۆست، دۆست مەکە بە دۆژمن".

ێک لە پرانسیپەکانی مرۆڤایەتی و رەوشتی دەزانرێت، لە راستیشدا لێبووردن و یادکردنی ستەم و نارەوایی شتێکی ئاسان نییە.. بەڵام هەڵەش بە هەڵە چارەسەر اکرێت.. ئەو چێژ و خۆشی و **شاد**ی و ئاسوودەییەی کە لە لێبووردندا هەیە، لە تۆڵەسەندنەوەدا نییە. وردن هەستکردنە بە بەزەیی و سۆز و ەویستی، کە هەموو ئەمانە لە ناخی دەروون و دڵماندا هەن.. زۆر گرنگن بۆ خودی خۆمان و بۆ جیهانی دەوروبەرمان.

گەلی شێوە پێناسەی چەمکی لێبووردن کراوە، هەموو پێناسەکان جەخت لەسەر گرنگی بەهای لێبوور**دن** ردن دەکەن، ئەوەش دووپات دەکەنەوە، کە بەبێ لێبووردن ئاشتی بەرقەرارنابێت. لێبووردن چەمکێکە واتای وردن لە کاتی هێز و دەسترۆیی دەگرێتەوە، نەک وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە، یا گەورەکردنەوەی شتە بچووکەکان.. وردن دان بە خۆگرتن و سنگ فراوانی و دڵ گەور**ە**ی و دووربینی دەگرێتەوە.. ئەوەش دەزانین مرۆڤەکان لە رەفتار و هەڵس **و** کەوت لە کەسێتیدا وەکو یەکنیین، هەن ەسەرخۆ و هێمن و رۆخۆش و دڵنەرم و ە بەزەیی و لێبووردەن هەشن تووڕە و گرژومۆن و دڵرەق و کەلەرەق و شەڕخوازن.. ئەم خەسڵەتانەش چ ئەرێنی و چ نەرێنییان، دەگەڕێنەوە بۆ دروستی یا نا**رو**ستی پەروەردەکردنیان لە قۆناخەکانی منداڵییاندا. لێبووردن بەشێکە دپەروەری، یەکێکە لە بەها جوانەکان و، لە رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤی لێبووردە.. لێبووردن بکەین بە بەشێک لە ژیانمان، بیکەین بە دروشمێکی پەیوەندییەکانمان.

و خۆشەویستی وریزگرتن و بەزەیی و دڵ گەورەیی و سنگ فراوانی و زمانی گوڵ بکەین بە ڕێبازێکی سەرکەوتنی ژیانمان.. با لە توندوتیژی و رق و کینە و توندڕەو ، و کەلەڕەقی ودڵڕەقی و دەمارگیری و تۆڵەسەندنەوە و ەکتری قبووڵنەکردن و زمانی زبر و هەست بریندارکردن و یەکتری تەزان و ملشکانی یەکتری دووربکەوینەوە. ئازادیخوازی ناسراو، نیلسون ماندیلا دەڵێ:" ازاکان لە پێناوی ئاشتیدا، لە لێبووردن ناترسن"

هۆی کەلەڕەقی و دڵڕەقی و دەمارگیری و توندوتیژی و یەکتری قبووڵنەکردن و دوورنەبینی و لێنەبووردنی ـەرکردەکانی وڵاتە زلهێزەکانەوە بوو.. کە دوو شەڕی جیهانی بەرپابوون.. کە بە ملیۆنان کەس بوونە قوربانی ـنەبووردن و، سازشنەکردن.. ر بە فیرۆدران کە بەو پارە زۆر، هەژاری و نەخۆشی و ـێندەواری لە سەراسەری جیهاندا نەدەما و، گەشەکردن و پێشکەوت و داهێنانیش لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا دەبوو.. هەزاران گوند و شارۆچکە و شاریش وێران نەدەکران.. تا ئەمڕۆش برینەکان و ئاسەوارەکانی ئەو دوو شەڕە سارێژ نەبوونە.

ا ئەو هەڵە و کارەسات و نەهامەتییانە بەس نین؟ نەبوونەتە پەند و وانە بۆ ئەوەی سەرکردەکانی ئەمڕۆی جیهان ەو هەڵانە دووبارە نەکەنەوە.؟ داخەوە تا ئەمڕۆش، رۆژانە بە هەزاران کەس دەبنە قوربانی ئایدۆلۆژییە بۆگەنەکان و، سیاسەتی خۆپەرستی و کورسی پەرستی و سەرکردە لە خۆبایی و رەگەزپەرستە ستەمکار و دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکان.. کە ێناوی مانەوەیان لەسەر کورسیی دەسەڵاتدا بە هەزاران کەسانی بێتاوانیان کردوون بە قوربان و، بە ملیارات دۆلاریشیان لە کڕینی چ ەکی کوشندە و وێرانکەر خەرج دەکەن.. کە هەموویان بۆ ـوشتن و کاولکردن بەکاردێنن.

د ئەوەش بڵێین، کە لێبووردن چاوپۆشین و قبووڵکردنی ستەم و زۆرداری و کڕنۆش بردن نییە، یا ئەوە ـنێت کە مرۆڤ لە باوەڕەکانی خۆی دەست هەڵب ێت یا سازشیان لەسەر بکات.. ڵکو مرۆڤ ئازادە لە ـبوون بەو باوەڕە مرۆڤایەتییانەی کە بڕوای پێی هەیە.. وەکو وتمان مرۆڤەکان جیاوازن لە دیمەن و **رووخسار و رەنگ و** بۆ و، لە زمان و نەتەوە و ئاین و، لە داب و نەریت **و رەفتار و** رەوشت، هەر گەلێکیش مافی خۆیەتی بە ئازادی بژی ، و هیچ لایەنێکیش بە تۆبزی را و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بە سەریدا بسەپێنن و ماف و ئازادیی لێزەوت بکەن.

ـوردن ئەو واتایە دەگەیەنێت، کە پێویستە رێز لە کولتوور و لە بڕوا و لە بەهاکانی خەڵکانی تر **بگرین..** ەش کۆڵەکەیەکی بنەڕەتییە لە مافەکانی مرۆڤ و لە دیموکراتی و لە دادپەروەری و لە یەکسانی و لە ئازادییە گشتییەکانی مرۆڤ.

لێبووردنیش تەنها لە پێناوی کەسانی تردا نییە، بەڵکو لە پێناوی خۆشماندایە، بۆ ئەوەی کە لە هەڵەکانمان و، لە هەموو خەیاڵێکی نیازخراپ و لەو گوناهانەش کە لە ناخماندان رزگارمان بێت.. ئەمرۆش لە زۆر وڵاتدا، کەسانی گوناهبار دەچنە بەردەم قەشەکان یا رابەرانی ئاینییان، کە هەڵە و گۆناهەکانیان بۆیان باس دەکەن و پەشیمانن و، ی لێبووردن دەکەن و، ڵێنی ئەوە دەدەن کە دووبارەیان نەکەنەوە.. بەم داننانەشیان، تا رادەیەک خۆیان دەروون ئاسوودە دەکەن .. پەشیمانی و تۆبەکردنیش لە هەموو ئاینەکاندا بە شێوەی جیاواز هەیە. بێگومان ێبووردن زۆر لە گرفتەکان کەم دەکاتەوە، بەریش لەوە دەگر ت کە کێشەیەکی بچووک گەورە نەبنەوە، یا کێشەیەکی ەورە بچووک بکرێتەوە.

گەرچی دەکرێت لە هەموو کات و رۆژەکاندا، ببورین یا لێمان ببوورن.. بەڵام لە نێو کوردەواری خۆماندا، بە تایبەتی لە رۆژانی جەژنە ئاینی و نەتەوەییەکانماندا، کە پیرۆزبایی لە یەکتری دەکەین، بووە بە باویش کە گەردنی یەکتری ئازاد دەکەین.. گەردن ئازادیش، اتای لێبووردن و بەخشین دەگەیەنێت، لەو هەڵە و گوناه و لە غەیبەتانەی کە دەرهەق بە یەکتری کردوومانن.. لاپەڕەیەکی تازە لە ێوان یەکتریدا هەڵدەدەینەوە، ئەمەش یەکێکە لە نەریتە رەسەن و جوانەکانی ئێمەی کورد.

هەرچەندە گەلی ک مان، بە لێبووردەیی و دڵپاکی و، بە بەزەیی ناسراوە و، ر لە تۆڵەکردنەوە ناکات، زۆر نەیارانی گەلەکەمان ئەم لێبووردەیی و دڵپاکییەی کوردیان قۆستوونەتەوە و، بە خاڵی لاوازی کوردیان زانیوون.. بە دڵنیاییەوە نە ئێمە نە ئێوەی خوێنەریش ئازیزیش لەگەڵ ئەودا نیین، کە لەو سەرکردە ستەمکارانە و، لەو کەسانەش کە ناپاکییان لە گەل و نیشتمانەکەمان دەکەن، لەو کاربەدەست و بەرپرسانەش ز و گەندەڵن و، بە هەوەسی خۆیان تەخشان و پەخشان بە پارە و سامانی گەلەکەمانەوە دەکەن نەڵکیان برسی و نەبوون کردوون.. ئەم کەسانە ەرگیز شایانی لێبووردن نین.. کە لێبوورن لە ستەمکاران و لە دز و لە ناپاکانی گەل و نیشتمان.. ستەملێکردنە لە ستەملێکراو و، لە دڵسۆزان لە نیشتمان پەروەران.. پێویستە ئەم تاوانبارانە بدرێنە دادگا و سزایی سایی بدرێن و ببنە پەند بۆ کەسانی تر.. ێبووردن واتای چاوپۆشینە لە ستەم و لە ناپاکی و لە تاوانەکانی دژ بە نیشتمان و لە پێشێلکردنی ئازادی و زەوتکردنی مافەکانی کەسانی تر. ماندێلا دەڵێ:" لێبووردنی رەوا، ئەوە ناگەیەنێت کە پێویستە بە تەواوی راڕردوو لە بیربکرێت.."

ان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی کە بەبێ لێبووردن، ئتی لە جیهاندا بەرقەرار نابێت، بەبێ ئاشتیش شەکردن و پێشکەوتن و دیموکراتی نایەتەدی.. ەواتە لێبووردن پێویستییەکی جیهانییە.. مرۆڤ بیانەوێت بە ئاشتی بژین.. ت رابردووی تاڵ و نەهامەتییەکانی دوو شەڕی گەورە لەبیربکەن .. ێویستە ئەوە بزانن کە بووردن، گەورەترە و گرنگترین مەرجی پێکەوە ژیان و پێکەوە ەڵکردنە، لێبووردن بنەمایەکی گرنگی

کۆ ڵگەیەکی دادپەروەر و بەختەوەر و شادە. پیۆدانگ و لەبەر رۆشنایی گرنگییەکانی لێبووردن، نەتەوە گرتووەکان، بە دەستپێشخەری رێکخراوی یۆنسکۆ، بڕیاری دا و، رایگەیاند کە ساڵی **(١٩٩٥)** بکرێت بە ساڵی جیهانیی لێبووردن.

ی گشتی رێکخراوی یۆنسکۆ، کە لە رۆژی**(١٦ی/ نۆڤەمبەر/ ١٩٩٥)** لە شاری(پاریس) بە ئامادەبوونی **(١٨٥)** دەوڵەتی ئەندامی ئەم رێکخراوە سازکرا.. کۆنگرەیەدا، بە تێکڕای دەنگ بڕیاریان دا، کە اوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، کە رۆژی**(١٦/ نۆڤەمبەر/ ١٩٩٥)** کرێت بە ( رۆژی جیهانیی لێبووردن ) ەموو دەوڵەتە ئەندامەکان واژۆیان لەسەر ئەم راگەیاندنە کرد.. نە تەوە یەکگرتووەکانیش ئەم بڕیارەی نسکۆیان پەسەندکرد و، لەساڵی **(١٩٩٦)** بشەوە چووە بواری جێبەجێکردنەوە.. هەر نەتەوە یەکگرتووەکان رایای گەیاند و داوای لە دەوڵەتانی جیهان کرد.. کە هەموو ساڵێک لە رۆژی **(١٦ی/نۆڤەمبەر )** کە ( رۆژی جیهانیی لێبووردن)ە..

ئاهانگ و چالاکی جۆ ەزگاکانی فێرکردن و خەڵی سازبکەن و، هۆشیاریان بکەنەوە و یان بدەن بۆ لێبووردن و خۆشەویستی یەکتری قبووڵکردن پێکەوەژیان و، رێزگرتن لە کولتو**ور و زمان و** ئاین داب و نەریت و باوەڕ و ئازادی و مافەکانی گەلانی تر.

بڕیار و راگەیاندنی لێبو**و** یش، تەنها ئەرکێکی واتایی نییە، بەڵکو پێویستییەکی سیاسی و یاساییە بۆ کەسان و ۆمەڵ و دەوڵتەکان.. لێبووردنیش گرێ دراوی بەڵگەنامە فەرمی و باوەڕپێکراوەکانی نێودەوڵەتییە بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە نیو سەدەی رابردوودا دەرکراون.. ێویستە لەسەر دەوڵەتان بە پێی پێویست سای تازە بۆ لێبووردن دەربکەن پێناوی بەرقەرابوونی یەکسانی و دادپەروەری و بۆ رەخسانی هەلی چاکسازی بو هەموو کەسانی کۆمەڵگا.

تدانی لێبووردن و بۆ گرتنی رۆژی جیهانیی لێبووردن.. کخراوی یۆنسکۆ ە ساڵی **(١٩٩٥) دا،** لەم ساڵەدا دەوڵەتانی ئەندام لە یۆنسکۆ **و** نەتەوە یەکگرتووەکان پرانسیپەکانی لێبووردنیان راگەیاند، هەروەها بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونی **(١٢٥)** ساڵەی (ماهاتما گاندی) یەوە، لە بارەگای نەتەوە ەکاندا، ئاهەنگ سازکرا و، یۆنسکۆ بڕیاری داهێنانی خەڵاتی لێبووردنی دا، کە خەڵاتێکی بەنرخە، ەڵاتەکەش بە ناوی**(مادانجیت سنگ)وە**یە، هەر دوو ساڵ جارێک، لە رۆژی**(١٦ی/ نۆڤەمبەر)**(رۆژی جیهانیی لێبووردن) لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا پێشکەش بەو کەسانە و بەو رێکخراو و ە دامەزراوانە دەکرێت، کە لە ماوەی چەند ساڵێ کاری رابردوویاندا چالاکییان لەم بوارەدا ئەنجام داون و رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە خزمەتکردن و شکردن و لە بەرجەستەکردنی لێبووردن لە نێوان خەڵکیدا، هەوڵی **چار** سەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان و کێشە

نێودەوڵەتییەکانیان داون.. کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و، بە هەستێکی لێبووردنی دوور لە شەڕ و لە توورەیی و لە توندوتیژی و لە زیان گەیاندن بە یەکتری. ڵاتی لێبووردنی یونسکۆ لە ئەمساڵدا(٢٠١٦) پێشکەشیان کرد بە (اوەندی لێبووردن)ی رووسی کە ناوەندێکی چالاکی لێ ڵینەوە و بەرنامەییە، بۆ لێبووردن و زانیاری دەروونی و فێرکردن.

ام بە داخەوە هەندێ لەو وڵاتانەی کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی یونسکۆشن، کە واژۆشیان راگەیاندن و لەسەر پرانسیپەکانی لێبووردن کردوون.. بە تایب یش دەوڵەتە داگیرکەرە فاشستییەکانی کوردستان.. هەر گوێ بە لێبووردن و بە یەکسانی و بە ئازادیی و بە دادپەروەری و بە دیموکراتی و بە مافەکانی مرۆڤ نادەن.. ە بەرچاوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و، ێکخراوی یونسکۆ و، ێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و، ویژدانی جیهانییەوە، زۆر بە ئاشکرا و بە زەقی زەقی، بە شێوەیەکی دڕندانە و نامەردنە، کۆمەڵکوژی لە د دەکەن و، سیاسەتێکی رەگەزپەرستی و توندڕەوی و جیاوازپەرستی پەیرەوی دەکەن.. بێدەنگی و چاونووقاندنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رژەوەندی وڵاتە زەکان، بوونە بە هاندانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە.. بە تایبەتیش لە لایەن ژێمی نەژادپەرستی تورکیاوە.. ی ناڕەوایان لە دژی گەلی کوردی ئازادیخواز و دیموکراتیخواز و ئاشتیخوازمان راگەیاندووە.. لە فەرهەن تورکیای فاشستدا، فرە نەتەوەیی و ئازادی و یەکسانی و پێکەوەژیان و دادپەروەری و مافەکانی گەلانی غەیرە تورک، بوونیان نییە.. نازانین نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ و ێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ.. کەی لە ئاستی ئەم تاوانە قێزەوەنانەی داگیرکەرانی کوردستان بێدەنگ دەبن..؟! ەگەیەنێت، کە بەرژەوەندی لە سەرەوەی مرۆڤایەتی و ویژدان و دادپەروەرییەوەیە.. بێدەنگی و چاوپۆشین لە ستەمکاران .. ستەمکردنە لە ستەملێکراوان.

رۆژی چوار شەممە (١٦/١١/ ٢٠١٦) بیست و یەکەمین ڵرۆژی ( جیهانی لێبووردن )ە.
ژی لێبووردن پیرۆزبێت ەموو ئەو کەسانەی کە لێبووردە و دەروون پاک و دڵگەورە و سنگ فراوانن..
رۆزبێت لە هەموو ئەو کەسانەی کە بە چاوی یەکسانی و دادپەروەرییەوە لە هەموو کەسان و گەلان دەڕوانن..
یرۆزبێت لەو کەسانەی لە پێناوی ئاشتی و و ری قبووڵکردن و پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن و سازان دا تێدەکۆشن.. پیرۆزبێت لە سەرجەم پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، کە هێندە دڵپاک و ێبووردەن، تەنانەت لەگەڵ دوژمنەکانی گەلەکەشمان شێوەیەکی مرۆڤانە رەفتاردەکەن.. ئەمانەش لە لۆژیکی هێز و توانا و ئازایی باوەڕبەرزی و، لە ڕووحی لێبووردنیانەوە بەرجەسە بوونە.. چونکە جەوهەری جوان و پیاوەتی پیاوان و ژنان، لەکاتی هێز و توانا و دەسترۆییندا دەردەکەون.